
## مەریەم دۆستی:

# سینەمای کوردی دەرفەتی زۆری لەبەردەمدایە کە بەرەو قۆناغی بەرزتر هەنگاو بنێت

**یەکێك بوو لە بەشداربووانی سێیەم فیستیڤاڵی «نا بۆ توندوتیژی» کە مانگی رابردوو لە شـــاری هەولێر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ســـینەمای هەولێرەوە بۆ ماوەی ٤ رۆژ نمایش کرا، مەریەم دۆستی دانیشتووی شاری تارانە و ماوەی ١٧ ســـاڵە لە بواری لە سینەمادا وەك دەرهێنەر و سیناریســـت کار دەکات، لـــە هەمـــان کاتدا شاعیر و نووسەریشە، دوایین فیلمیشی بەناوی (برێکفاست)ە کە توانی خەڵاتێکی فیستیڤاڵەکە بەدەست بهێنێت، ئەمە یەکەم جارە سەردانی هەولێر بکات، بۆیە بە دەرفەتمان زانی لە نزیکەوە بیدوێنین سەبارەت بە فیلم و سینەمای کوردی و کاریگەریی ســـینەمای دەوروبەر لەســـەر فیلمە کوردییەکان و چۆنییەتی ســـوود وەرگرتن لێیان.«مـــن لە نزیکەوە شارەزایی و ئاشنایەتییەکی ئەوتۆم لەگەڵ سینەمای کوردی نییە«ئەمە سەرەتای قسەکانی مەریەم دۆستی بوو دەربارەی ســـینەمای کوردی، هەروەها دەڵێت: من تەنیا لە رێگای چەند سینەماکارێکی کوردی کوردستانی ئێرانەوە وەك بەهمەنی قوبادی تا رادەیەك ئاشنایەتیم پەیدا کرد کـــە کورد خاوەن چەندین فیلمی درێژ و فیلمســـازی بە توانان کە لـــە فیســـتیڤاڵە جیهانییەکاندا خەڵاتی بەرزیان بەدەستهێناوە، بەڵام ئاگاداری وردەکارییەکانی ســـینەمای کوردی و پێداویستی و ئەو بابەتانە نیم کە چین و چۆن دەیخەنە روو.**





مەریەم دۆستی ســـەبارەت بە سوود وەرگرتن لـــە مێژوو و تراژیدیاکانی گەلی کـــورد وەك کیمیابـــاران و ئەنفـــال و چۆنیەتـــی بەرجەســـتە کردنیـــان لـــە ســـینەمادا و نیشـــاندانی بە جیهان دەڵێـــت: بەپێی ئەو چەند فیلمـــە کوردییەی مـــن بینیومن پێموایە ســـینەمای کوردی ســـینەمایەکی نوێیە و دەرفەتی زۆری لەبەردەمە کە زیاتر بەرەو پێش بچێت و بەرەو قۆناغی بەرزتر هەنگاو بنێت، بەڵام ئەوەش هەروا بە ئاسانی نایەتەدی، پێویستە سینەماکارانی کوردی پێوەندییەکی بەردەوامیان هەبێت لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە لـــە رووی فەرهەنگییەوە لە کوردەوە نزیکن بۆ گۆڕینـــەوەی بیرورِا بەمـــە دەتوانن بە خاوەنی سینەمایەکی زۆر باش، بەشێوەیەکی گشتی سینەمای کوردی هێشتا لە قۆناغەکانی سەرەتایە و دەتوانرێ زۆر بەهێز بێت.

کە سینەمای کوردی ســـینەمایەکی نوێیە وەك کورد دەتوانن زیاتر ســـوود لە ئەزموونی سینەمای کام وڵات وەربگرین بۆ نموونە ســـینەمای ئێرانی و عەرەبی و فەرەنسی و ئیتالی هەر یەکیان ستایل و رێبازێکی تایبەتی هەیە کامیان لە ئێمە نزیکترە بۆ بونیادنانی سینەمایەکی کوردی بەهێز؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کچە سینەماکاری ئێرانی دەڵێت: ناکرێ تۆ ســـینەمای خۆت کە لە سەرەتایە بە سینەمای تەنیا یەك وڵات گرێبدەیت، چونکە سینەما کارێکی کۆبەندییە و پێویستی بە هەماهەنگی هەیە، دەبێ تێروانینێکی جیهانیتان هەبێت بۆ سینەمای کوردی بۆیە هیچ جیاوازی نییە تۆ ســـوود لە ســـینەمای ئەوروپی یان ئاسیایی و یان ئەفریقایی و ئەمریکاش وەربگری و دەکرێ لە هەر یەکێك لەم ســـینەمایانە

سـوود لە بەشێك وەربگری و هەموویان کۆبکەیتەوە و لـە هەموو لایەکەوە سـەیریان بکـەی و ئەوەی پێویسـتت پێیەتی لە سـینەمای کوردیدا بەکاری بهێنی بۆ ئەوەی بەهێز بێت، هەروەها سینەماکارانی کورد کە کەسـانی بە توانا و لێهاتـوون لە دەرەوە زیاتر بخوێنن دەربارەی زانستی سینەما و زانیاری و شـارەزایی زیاتر وەربگرن و ئەوەی لە دەرەوە فێر دەبن و وەری دەگرن بێن لە کوردستان پیادەی بکەن، بە هەمان شێوە پێویسـتە دەرفەتێکی وا بڕەخسێت سینەماکارانی دەرەوە سەردانی کوردستان بکەن و لە نزیکەوە ئاشنای بارودۆخەکە بن، بۆ نموونە من خۆم بەر لەوەی ئەم جارە بێم دیدێکی دیکەم سەبارەت بە کوردستان هەبوو، وام هەسـت دەکرد کە کوردستان لەرووی ئەمن و ئاسایشـەوە سەقامگیر نییە بگرە چەندین جار بە رەسمی داوەت کراوم نەمتوانیوە بێم، بەڵام ئەم جارە کە هاتم وێنەی راستەقینەی هەولێرم بینـی کە زۆر جیاوازە لەگـەڵ ئەوەی بۆیان باس کردبووم، وڵاتێکی ئاوەدانە و ئاسـایش سەقامگیرە، پێویسـتە سەقامگیری و ئاسـایش بقۆزرێتەوە بۆ ئـەوەی لەرووی فەرهەنگییـەوە ئاڵوگۆڕی زیاتر هەبێت لەنێوان کورد و هەمـوو گەل و نەتەوەکانی دیکە لەم نێوەندەدا سینەماش پشکی ئەم ئاڵوگۆڕەی بەر دەکەوێت بە حوکمی ئەوەی کە پەیوەست نییە بە گەل و نەتەوەیەك بەڵکو ئاراستەی هەموو نەتەوەکانی جیهان دەکرێت و هەوادار و عاشقی خۆیشی هەیە لە هەموو شوێنێك بە کوردستانیشەوە.

سـەبارەت بە هەبوونـی توانای سـینەمایی و بودجە و ئیرادە و ئەکتـەر و زەمینەی لەبار هەیە، لەگـەڵ بوونی ئـەم هەموو خاڵـە بەهێزانە چۆن دەتوانین سینەمای کوردی بکەین بە سینەمایەکی بازرگانی،مەریەم دۆسـتی دەڵێـت: بوونی فیلم و سـینەماکارانی کورد لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان و پەروەردە کردنی سینەمایی و نیشاندانی ئەو هەموو خاڵە بەهێزانەی کە هەیە لە سـینەمای کوردیدا بە دەرەوە، ئەمانـە هۆکاری سـەرەکی و گرنگین بۆ بەجیهانی کردنی و بە بازرگانی کردنی سینەمای کوردی، هەروەها پێویسـتە دەست لەسەر گرنگترین خاڵەکانی سـینەما دابنرێت، بۆ نموونە سیناریۆ کە زۆر گرنگە و ئێستا نەك تەنیا لە کوردستان بەڵکو لـە ئێران و لە جیهانیش سـیناریۆ بۆتە گرفتێکی بەرچاوی سـینەما لە گشت ئەو فیلمانەی من لەم فیسـتیڤاڵەدا بینیم تاکە کەموکـوڕی کە بەرچاو بێت و رەخنەی لێ بگیرێت سـیناریۆ بوو، چونکە سـیناریۆکان هەموویان هاوشـێوەی یەکتر بوون و لەسـەر یەك هێڵ بوون، سـینەما ئەوە نییە کە تۆ تەنیا جەخت لەسەر شارێك یان ناوچەیەك بکەیتەوە بەڵکو سـینەما پێویستە دیدێکی جیهانی هەبێت و بە بەرفراوانی سـەیری شـتەکان بکەیت ئەو کات دەتوانیت باشـتر شـتەکان ببینیت لـە یەك کاردا چەندین گرفت بخەیتە روو.

بۆ رزگار بوون لە گرفتی سیناریۆ مەریەم دۆستی دەڵێت: لە هەر شـوێنێك وەزارەتێك یان دەزگایەکی تایبەتی رۆشـنبیری هەیـە وەك لێـرە وەزارەتی رۆشـنبیری هەیە، پێویسـتە ئـەم وەزارەتە مافی نووسەر و سیناریۆ نووسەکان بپارێزێت بۆ ئەوەی کار بکەن و تەنیا پسپۆر و شارەزایی بواری سیناریۆ بن، نەك وەك ئەوەی کە ئێسـتا هەیە دەبینین دەرهێنەر هەیە لە هەمان کاتدا ئەکتەر و وێنەگرە و سیناریۆ نووسیشە، پێویستە هەر کەسێك کە لە سینەمادا کار دەکات پسپۆری لە بوارێکی دیاریکراودا هەبێت واتە مۆنتاژ و دەرهێنەر و ئەکتەر و سیناریۆنووس ئەمانە هەر یەکیان بە کاری تایبەتی خۆیان هەسـتن نەك لە یەك کاتداچەند کارێك بکەن، هەروەها پێویسـتە ۆورك شۆپی تایبەت بەسەرپەرشتی کەسانی پسپۆر لە وڵاتانی پێشـکەوتوو لە بواری سینەما ئەنجام بدرێت تەنیا لە بواری سـیناریۆ پێموایە بەم شێوەیە گرفتی نەبوونی یان لاوازی سـیناریۆ چارەسـەر دەبێت.

لەبارەی خاڵە بەهێزەکانی ئەو فیلمە کوردیانەی کە لە فیستیڤاڵە جیهانییە گەورەکاندا خەڵاتی جیاجیا بەدەست دەهێنن بۆچی دەگەڕێتەوە؟ مەریەم دۆستی پێیوایە کە توانا و لێهاتوویی سـینەماکارانی کورد و چۆنییەتی خستنەڕووی بابەتەکان و گونجاندنی لەگەڵ ئەو پێوەرانەی کە لە فیسـتیڤاڵە جیهانییەکانـدا لەبەر چاو دەگیرێت هۆکارێك بوون بۆ بەدەستهێنانی ئەو خەڵاتانە، بەڵام دەکرێ فیلمە کوردییەکان هەنگاوی زیاتر بهاوێـن و لە جیهاندا زیاتر لەوەی ئێستا هەیە پێش کەون و خەڵات و دەستکەوتی زیاتریـش بەدەسـت بهێنن ئەویـش بە هەوڵ و ماندووبوونی زیاتر دێتە ئاراوە.



## مادۆنا و براکەی ئاشت بوونەوە



دوای چوار ساڵ ناکۆکی و کێشەی بەردەوامی نێوان خانمە ئەکتەر و ئەستێرەی پۆپی ئەمریکی مادۆنا و کریستۆڤەر سیکۆنی برای، بڕیاریاندا کە ئاشت ببنەوە و کۆتایی بەو پچڕانە بهێنن کە لە پێوەندییاندا هەبوو.

لەم بارەیەوە گۆڤاری (ئین تاتچ)ی ئەمریکی بڵاوی کردەوە کە مادۆنا و براکەی لە ساڵی ٢٠٠٨ پێوەندییان نەمابوو، بەهۆی بڵاوکردنەوەی یاداشتنامەکانی بەناوی ( ژیان لەگەڵ ) مادۆنای خوشکم، لەو کاتەوە هیچ جۆرە پێوەندییان نەمابوو، چونکە لەو یاداشتانەدا سیکۆنی زۆر بە توندی باسی مادۆنای کردبوو و بە خیانەتی تۆمەتبار کردبوو لە گەڵ گی ریتشی کە ئەو کات هاوسەری مادۆنا بوو،ئەمەش بووە مایەی بێزار بوون و تورەبوونی مادۆنا و لە ئاکامدا پێوەندی نێوانیان پچڕا، سیکۆنی برای مادۆنا گوتی: ئێمە هەردووکمان زۆر هەوڵماندا بۆ ئەوەی ئاشت بینەوە، بەڵام کێشەکەمان پێویستی بە کات بوو، بۆیە ماوەی ٤ ساڵی خایاند، ئێستاش کە ئێمە ئاشت بووینەتەوە ئەوا پێوەندیمان زۆر بە هێزە، تەنانەت من بەم دواییە لە ئاهەنگی لەندەن یاوەری بووم.

## هاوسەرەکەی موراد ٢٠ ساڵ لە خۆی بچووکترە



وەك بەشێك لەو گەنجانەی ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/١٢ یان هەڵبژارد بۆ گێڕانی ئاهەنگی هاوسەرگیری، نەجاتی شیشمازی ئەکتەری ناوداری تورك كە لە زنجیرەی ( دۆڵی گورگەکان) بە موراد عەلمدار ناسراوە لە هەمان ڕۆژدا چووە نێو ژیانی هاوسەرییەوە.

## هەوڵی ڕفاندنی سلاڤ درا

سەرچاوەیەکی یاسایی بە کەناڵی (MBC) ڕاگەیاند کە خانمە ئەکتەری سوری سلاڤ فەواخرجی سکاڵای دژە خزمەتکارەکەی بۆ دادگای سوری بەرز کردۆتەوە بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ ڕفاندنی لە بەرژەوەندیی سوپای ئازادی سوریا.

سلاڤ هۆکاری ئەم پلانەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەو هەمیشە پشتیوانی لە ڕژێمی بەشار ئەسەد دەکات و بە ئاشکرا دژایەتی ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەکات، سەرچاوەکە ئەوەشی خستەڕوو کە خزمەتکارەکەی سلاڤ ماوەیەکی زۆرە لەلای کار دەکات، بەڵام لەگەڵیدا ناژێت و بۆ پشت ئەستوور کردنی تۆمەتەکەی پشتی بە چەند بەڵگەیەك بەستووە لەوانە ئامێرێکی پێشکەوتووی پەیوەندی کردن و بڕێکی زۆر دۆلار کە لەلای بوون.

شایەنی گوتنە لەگەڵ سەرهەڵدانی تەنگژەی سیاسیی سوریا و تا ئێستاش هەمیشە پشتیوانی ڕژێمی حوکمی بەشار ئەسەد بووە و بە پارێزەری خاك و وڵات ناوی دەبات.



## درو باریمۆر: پەروەردە کردنی م

ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی و پاڵەوانی فیلمی (فریشتەکانی چارلی) درو باریمۆ ئاماژەی بەوە کرد کە پەروەردە کردنی منداڵەکەی کارێکی ئاسان نەبوو و زۆریش ماندوو و هیلاکی کرد بەتایبەتی لە دوو هەفتەی یەکەمی تەمەنیدا.

باریمۆ کە لە فیلمەکانیدا ئەکشن و کۆمیدیا تێکەڵ دەکات، ڕایگەیاند من نەمدەزانی ئەرکی پەروەردە کردنی منداڵ بەرپرسیاریەتییەکی زۆر گەورەیە و لە هەمان کاتدا زۆر زەحمەتیشە، لە دوو هەفتەی یەکەمی تەمەنی ئۆلیفی کوڕی زۆر هیلاك بوو، هەر بۆیەش هەمیشە تورە بوو، بەڵام ئەوەشی روونکردەوە کە بەم دواییە پەروەردە کردنی ئۆلیف تا ڕاددەیەك ئاسانتر بووە وخۆیشی ئێستا زیاتر لە جاران لە مانای دایکایەتی گەیشتووە و توانای ئەوەشی هەیە زۆر بە سەرکەوتوویی ئەرکەکانی وەکو دایك جێبەجێ بکات بێ ئەوەی

# جنیڤەر لۆرنس دەبێتە نمایشکاری جانتا



خانەی ناوداری فەرەنسی (کریستیان دیۆر) بۆ جلوبەرگ و کەرەستەی جوانکاری، جنیڤەر لۆرانسی ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێت بە نمایشکاری نوێترین مۆدێلی جانتاکانی لە وەرزی داهاتوویدا.

بەم بۆنەیەوە جنیڤەر خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ ئەو هەڵبژاردنە و رایگەیاند کە هەست بە شانازییەکی زۆرەوە دەکات کاتێك دەبینێت دیۆر وەك باڵیۆزی نوێی جانتاکانی خۆی هەڵیبژاردووە، لەلایەن خۆیەوە راف سیمۆن بەڕێوەبەری هونەریی خانەی دیۆر لە بارەی هەڵبژاردنی لۆرانسەوە گوتی: فیلمەکانی لۆرانس بەتایبەت فیلمەکانی ئەکشنی زۆر سەرنجیان راکێشام، چونکە توانی زۆر بە باشی رۆڵەکانی ببینێت و توانا و لێهاتوویی خۆیشی سەلماند لەم رووەوە، هەروەها جوانییەکەی سەرەڕای تەمەنی بچووکی ئەمانە زۆر گونجاون لەگەڵ هێڵە گشتییەکانی جانتا نوێیەکانی دیۆر، بۆیە ئەومان بە باشتر زانی لەنێوان زۆر ئەستێرەی دیکە.



ئاهەنگەکە لە یەکێك لە ناودارترین چێشتخانەکانی ئەستەنبول بەڕێوەچوو بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هونەرمەند و ئەدیب و نووسەران و چەند کەسایەتییەکی سیاسیی ناوداری تورکیا، ئەوەی جێی سەرنج بوو لەم هاوسەرگیرییە جیاوازی تەمەنی نێوان بووك و زاوا بوو، چونکە موراد تەمەنی لەسەرووی ٤٠ ساڵییەوەیە کەچی هاوسەرەکەی جیهان کشیکچی تەمەنی تەنیا ٢٠ ساڵە، جیهان کچی یەکێك لە داهێنەرانی زنجیرەی (دۆڵی گورگەکان) و سەرپەرشتیاری بەرهەمهێنانی ئەم زنجیرەیە، هەر لە رێگای ئەم زنجیرەیەش بوو کە موراد ناوبانگی دەرکرد و ناسرا، چونکە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لەسەرتاسەری جیهان بەتایبەتی لە وڵاتانی عەرەبی و لە بەشەکانیدا باسی هەریەکە لە عێراق و فەلەستین و سوریا دەکات.

## ـــــــندالْ کارێکی زۆر زەحمەتە

ماندوو بێت.

درو لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گۆڤاری (بیبۆل) ئەوەشی دووپاتکردەوە کە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لەگەڵ ویل کۆبلمان کە راوێژکاری هونەرییە گرنگییەکی زۆری بۆی هەیە، چونکە کۆبلمان لە خێزانێکی پێکەوە بەستراو پەروەردە بووە و نموونەیەکی بەرزی چۆنیەتی پێکهێنانی خێزانێکی پتەو و کامەرانە کە هەر یەکێك ئەویتری خۆش بوێت و هاوکاری یەکتری بکەن، بۆیە ئەویش هیوای ئەوە دەخوازێت کە خێزانەکەی خۆیشیان بە هەمان شێوە پتەو بێت.

# لۆرین: راگەیاندن پڕە لە زەحمەتی و هەمیشە میدیاکار ڕووبەڕووی ئـ



زۆرن ئەو کەسانەی کە لە دوو بواری جیاجیای نزیك بە یەکتر یان پێکەوە بەستراو کار دەکەن و ئەگەرچی کارەکە ئاسانیش نەبێت، بەڵام تا رادەیەك تێیدا سەرکەوتوون، لۆرین بەرزنجی یەکێکە لەو کچانەی کە توانیویەتی لە دووبواری نزیك لە یەکتردا بەهرە و تواناکانی خۆی دەربخات،ئەوانیش گۆرانی گوتن و کاری رۆژنامەوانییە لە هەردووکیشیاندا سەرکەوتوو بووە، لۆرین بەرزنجی خەڵکی رۆژئاوای کوردستانە، بەڵام ئێستا لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە و هەر لەوێش خەریکی کاری هونەری و راگەیاندنە، لە پێوەندییەکدا بەم شێوەیە بۆ گۆڤاری گوڵان هاتە دوان. کاری راگەیاندن بۆخۆی پڕە لە زەحمەتی و هەمیشە مرۆڤی میدیاکار رووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە بۆ ئافرەتیش ئەوا ئاستەنگەکان قورستر و سەختترن، لۆرین لەم بارەیەوە دەڵێت: من لە بەشی هەواڵی رادیۆی سوید کاری راگەیاندن دەکەم کە یەکێکە لە گەورەترین رادیۆکانی ئەو وڵاتە، ئەو بەشەی من کاری لێدەکەم کە بەشی هەواڵە هەمیشە پێویستی بە بابەت و رووداوی نوێیە بۆ ئەوەی بە گوێگرانی رابگەیەنێت، بۆیە ئەگەرچی میدیا و هونەر لە یەکترەوە نزیکن و پێوەندییان هەیە، بەڵام ئەو بەشەی من کاری لێدەکەم تا رادەیەکی زۆر پێچەوانە و دوورە لە هونەرەوە، لە بواری میدیا جا لە هەر بەشێك بێت پێویستە مرۆڤ خۆی هەموو کارەکانی بە ئەنجام بگەیەنێت هەر لە سەرەتای کارەکان تا کۆتاییان وەك دیاریکردنی بابەتێك بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری و کۆکردنەوەی زانیاری و داتا لەسەر ئەو بابەتە بۆ ئاشنا کردنی خەڵك پێیان، هەروەها هەڵبژاردنی کەسانێك بۆ ئەوەی لە ستۆدیۆ ئامادە بێت و بابەتەکەیان لەگەڵدا باس بکەیت تا دەگاتە مۆنتاژ کردنی، بەڵام من دەڵێم ئەگەر مرۆڤ حەز بە کارێك بکات پێویستە خۆی بۆ ماندوو بکات و هیچ کارێکیش ئاسان نییە و پێویستی بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر هەیە، من خۆم زۆر ئارەزووی کاری راگەیاندن دەکەم و حەز دەکەم بەردەوام شتی نوێ لەو بارەیەوە فێر بم، سەبارەت بە گۆرانی گوتنیش ئەوە پێوەندی بە بەهرەی دەنگەوە هەیە، بەڵام دیسان ئەویش پێویستی بە خۆ ماندوو کردن هەیە بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بە توانا هونەرییەکانی خۆم بدەم.

## حەسەن شەریف:

# پێویستە هونەرمەند لە پاڵ هونەرەکەی کەسایەتیی خۆی بپارێزێت



دوای ئەوەی چەندین ساڵی لە دەرەوەی وڵات و لە هەندەران بەسەر برد، زۆر باس لەوە دەکرا هونەرمەندێك لە ئاستی حەسەن شەریف بۆچی ناگەڕێتەوە کوردستان و لێرە خزمەت بە هونەر وکلتووری میللەتی خۆی بکات، وەك خۆی گوتی ئەو کات بارودۆخی تایبەتیی ژیانی خۆی لەبار نەبوو بۆ ئەوەی بتوانێت بە یەکجاری بگەڕێتەوە کوردستان، بەڵام هەر کە بارودۆخەکە گونجا ئیدی حەسەن شەریفی پێشمەرگە و هونەرمەند بارگەی پێچایەوە و گەڕایەوە زێدی باب وباپیرانی و لە شاری دهۆکی دەلال گیرسایەوە.

حەسەن شەریف هەمیشە خاوەن کەسایەتییەکی هونەریی بەرز بووە و ئەو بەرهەمانەی هەر لە سەردەمی پێشمەرگایەتییەوە پێشکەشی کردوون هەر لەگەڵ گوێ گرتن لێیان هەست بە رەسەنایەتی هونەریی کوردی دەکەیت بەتایبەتی ئەو گۆرانییانەی کە شیعری کلاسیك و هی شاعیرە ناودارەکانی کوردن وەك فەقێی تەیران و ئەحمەدی خانی، لە هەمان کاتدا لە گۆرانییە نوێیەکانیشدا

## ـــــــاستەنگ دەبێتەوە



هەرچۆنێك بێت سەرەڕای ئەو ئەركە زۆرەی كە هەردوو بوارەكە پێویستی پێیەتی من زۆر خۆشحاڵم بە ژیانی خۆم.

لۆرین بەر لە چەند ساڵێك ژیانی هاوسەری لەگەڵ هۆگر هروری پێكهێنا و ئەم هاوسەرگیریەش دوای خۆشەویستی نێوانیان هاتە بەرهەم، سەبارەت بە ژیانی هاوسەرێتی دەڵێت: سەرەتا لەنێوان من و هۆگر لێك تێگەیشتن هەبوو، ئینجا بوو بە هاوڕێیەتی و رێز گرتن دواتر گۆڕا بۆ خۆشەویستییەكی راستەقینە و پێكهێنانی ژیانی هاوسەرێتی لێكەوتەوە، ئێمە باش لە یەكتری دەگەین بۆیە زۆر دەست ناخەینە نێو بڕیارەكانی یەكترییەوە، جا ئەگەر گۆرانییەك بە دڵی من بێ باوەڕ ناكەم هۆگر ناڕازی بێت لە بڕیارەكەم، بێگومان هەر كەسێك ئارەزووی ئەوە دەكات كە بەپێی ویست و ئارەزووی خۆی پلان بۆ دواڕۆژی خۆی دابنێت بە گشتی و بیر لە پێكهێنانی ژیانی هاوسەرێتی دەكاتەوە لەسەر ئەو بنەمایە.

من و هاوسەرەكەم هەر لە سەرەتاوە هاوڕێی یەكتر بووین و لە هەموو بوارەكاندا هاوكاربووین، بێگومان بە حوكمی ئەوەی هۆگریش لە بواری هونەری كار دەكات زۆر هاوكاری كردوومە لەلایەنی مەعنەوی و هونەرییەوە.

هەست دەكەیت هونەرمەندی نەوەی ئێستایە و لەگەڵ پێشكەوتن و گۆڕینی بیر كردنەوەی نەوەی نوێ ئەویش هەوڵیداوە هونەرەكەی خۆی بگونجێنێت.

حەسەن شەریف دەربارەی كەسایەتیی هونەرمەند دەڵێت: مرۆڤ لە هەر شوێنێك و هەر زەمەنێك بێت پێویستە لە قالبی كەسایەتیی خۆی دەرنەچێت و بیپارێزێت، من قۆناغە جیاجیاكانی ژیانی میللەتی خۆم بینیوە لە پێشمەرگایەتی و شۆڕش و ئەنفال و دەربەدەری و ئاوارەیی، هەمیشە هەوڵمداوە حەسەن شەریف بم و كەسایەتیی خۆم پاراستووە، چونكە خەڵك لە تاكەكانەوە میللەت و ئاستی رۆشنبیری و پێشكەوتنی هەڵدەسەنگێنێت، بۆیە كە دەبینین كەسانێك وەك خۆیان نەماون و نەیانتوانیوە وەك پێویست خاوەن كەسایەتییەكی بەرز بن، ئەمانە سەنگی خۆیان و هونەری میللەتەكەیان لە دەست دەدەن و ئەمەش بۆ خودی ئەو كەسە دەگەڕێتەوە.

بە حوكمی ئەوەی لە قۆناغە جیاجیاكانی میللەتی كورددا ژیاوە، بۆیە حەسەن شەریف لەهەر قۆناغێكدا گۆرانی بۆ ئەو نەوەیە گوتووە، هەروەها هەمیشە هەوڵیداوە بە هونەرەكەی گوزارشت لە كێشە و مەینەتییەكانی بكات، لە هەمان كاتدا هاوبەشی خۆشی و شادییەكانی بێت، ئەمەش وایكردووە كە حەسەن شەریف هونەرمەندی لاو و پیر و هەموو تەمەنەكان بێت و بەگوێرەی داخوازی ئەوان گۆرانی بڵێت هەر لە گۆرانییە كلاسیكەكان و گۆرانیی ئەڤینداری و سروودی نیشتمانی، لەم بارەیەوە حەسەن شەریف دەڵێت: لەو ماوەی ئەو چەند ساڵەی كە لە ئەوروپا بەسەرم برد و سەردانی چەندین وڵاتم كرد تێبینی ئەوەم كرد كە لە وڵاتاندا هەر هونەرمەندێك جەماوەری تایبەتیی خۆی هەیە واتە هەر كەسێك گوێ لە جۆر و ستایلێكی تایبەتیی هونەری گۆرانی ومۆسیقا دەگرێت لە هەمان كاتدا هونەرمەندانیش بەشێوەیەكی دیاریكراو گۆرانی دەڵێن و خاوەن ستایلی تایبەت بە خۆیانن، بەڵام لەبەر ئەوەی لەناو میللەتی كورددا چەند دیاردەیەكی تایبەتی هەیە،هونەری من زیاتر لە بواری نەتەوەیی و فۆلكلۆریدا بووە و لەبەر ئەوەی میللەتەكەم بە چەند بارودۆخێكی ناسكدا تێپەڕیوە من ناچار بووم مەلای جزیری و فەقێی تەیران لەگەڵ خۆمدا بە هونەر بیانژێینم، و لەوانەیە ئەوان لە توانای من بەرزتر بوون و پێویستە كارێكی وا بكەم كە زیاتر ئەمانە بناسرێن و كارێكی هەمەڕەنگ پێشكەش بكەم، چونكە زۆر لە لاوەكانمان تەنانەت قوتابیانی زانكۆش نازانن مەلای جزیری و عەلی حەریری و فەقێی تەیران كێن، من تەنیا دەمەوێ لە رێگای ئەم گۆرانییە كلاسیكییانە ئاشنایان بكەم بە كلتووری رەسەنی خۆیان و لە بیری نەكەن.

